
# جوانترین تەسریحە بۆ خانمانی بووک لە کوردستان

**جوانکاری کارۆلینا - سلێمانی**

تەسـریحە گونجاوەکان پێویسـتی بە دەست نیشانکردنی مۆدەی تازە و هەنگاوی لەم جۆرەیە کە لەلایەن هەر خانمێکەوە بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێ، ئەمەش وادەکات کە شایستە بێ و لە نزیکەوە مۆدەیەکی رازاوە ببەخشـێ، لەم وەرزەی جوانکاری لە کوردسـتان و لەگەڵ هاتنی مۆدە تازەکانی تەسـریحە، بە تایبەت تەسـریحەی بووك یان بـۆ بۆنە تایبەتەکان، کە ئەمـەش یەکێك دەبێ لە گەورەترین گۆڕانکاری کە خانمان لێوەی سـوودمەند دەبـن، لەلایەن سـەنتەری جوانکاری کارۆڵینـا وێنەی خانمێکی بووکیان بۆمـان ناردووە کە بە تەسریحەیەکی زۆر جوانەوە رازاوەتەوە، ئەمەش دەبێتە یەکێك لە تەسریحەکانی ساڵی ٢٠١١ کە رەنگە لە ساڵی داهاتووش خانمانی بووك یان کەسی ئاسایی داوای بکات و لەسەر ئەو ستایلە تەسـریحەیە قژی ئامادەبکات، چونکە جوانی ئەو تەسـریحەیە لەگەڵ بۆنە و شوێنە گشتییەکان دەگونجێ و مۆدە و جوانیەکی تایبەتیش دەبەخشێ.





## ئێکسسوارەکان بەهای خـ



ئێکسسـوارەکان بۆ گشـت وەرزێـك گونجاو لەگەڵ مۆدەکانەوە هەنگاو بنێ، ئەمەش وادەکات کە شایستەی مۆدەیەکی رازاوە بێ لەسـەر جەسـتەی خانمانەوە، لەم رێگەیەدا جوانترین بەهاکانی ئێکسسـوارەکان تایبەتمەند دەبـێ بە مۆدە و رازاوەیی، بە تایبەت لەگشـت چوونە دەرەوەیەکدا کە دەبێ رەنگدانەوەی ئێکسسوارەکان جێگەی سەرنجراکێشێ و سـەرنجدان بێ، بۆ تازەترین مۆدەکانی ئێکسسـوارەکان بۆ وەرزی پاییز، کـە لەلایەن دیزانەری



## کراسەکان دەبن بە مۆدەی وەرزی پاییز

جلوبەرگەکان ڕەنگدانەوەی جوانیت دەبن لە هەر وەرز و کاتێکدا، بە تایبەت لەکاتی هاتنی گۆڕانکاری بەسەر جلوبەرگەکاندا، کە بە شێوازێك دیکۆری تازەی پێویست دەبێ و دەکرێ لە مۆدەیەك بـــۆ مۆدەی داهاتـــوو گرنگی هەبێ، بە هاتنـــی وەرزی پاییز گۆڕانکارییەکان دەست پێدەکەن و شێوازی تازە لە مۆدە نوێیەکان دەردەکـــەون، ئەمەش وادەکات کە خانمان لـــە مۆدەیەکی تازەوە بگەڕێـــن تاوەکو مۆدەی ئاییندەی ئـــەو وەرزیان هەبێ. یەکێك لە شایســـتەترین مۆدەکانی جلوبەرگ بۆ ئەو وەرزە، بەهۆی کز بوونی ڕووناکی و هەوایەکی ســـاف، مۆدەی کراسەکان لەگەڵ ئەو کەشـــە دەگونجێ، کە پێشتر بۆ وەرزی هاوین زیاتر تیشێرت و بۆدی مۆدەیەکی سەرەکی بوو، کراسەکان بە تایبەت ئەوانەی شـــێوەی بۆدی کراوەیان هەیە، لەگەڵ گشـــت جـــۆرە مۆدەکان خۆی دەنوێنێ و تەنانەت جوانییەکی بەها و گەورە بە جەستەی خانمانەوە دەبەخشـــێ، ئەمەش ئامۆژگاری پســـپۆرانی بواری جوانکارییە.

## جوانی ئێلەگ بۆ جلی کوردی


لـــە جلـــە کوردییەکاندا جێگەی جوانی و ڕازاوەیی لە گشـــت مۆدەکاندا ئاراســـتە دەبێ و بەهۆی ئەو شێوەیەی کە بۆ جلەکاندا دادەنـــرێ، هەنگاوێکی تازە و گەورە تۆمـــار دەکات، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە جلەکان لەسەر نەخش و دیزاینی تازە کاری لەسەر دەکـــرێ و دەبێتە یەکێك لە جوانترین بەهاکان بۆ جلە کوردییەکان، چەندەها مـــۆدەی جیاواز هەن لە کراس و جلـــە کوردییەکان کە هاوشێوەی دیمەنەکانی دیکەن و ڕێگە دەگرن، بە تایبەت لەلایەنی دانانی ئێکســـوار و مۆدە تایبەتەکانەوە، بەمەش دەکرێ ســـوود وەربگرین لە ئێکسسوارە دەرەکییەکان کە دەتوانن زیاتر جلەکە ڕازاوە بکەن، یەکێك لەو کەرەســـتە دەرەکیانە بریتییە لە ئێلەگی ســـەر کراســـی کوردی، ئێلەگ جوانییەکـــی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەکرێ لەگەڵ جلی کوردیی بگونجێنین و دیمەنێکی جوانیشـــی بۆ دروســـت ببێ، ئینجا بەم دواییە پسپۆڕانی جوانکاری کوردی توانیویانە ســـوود وەربگرن لە دانانی ئێکسسوارەکان لەسەر لێواری پێشـــەوەی ئێلەگ، ئەمەش مۆدەیەکی ڕازاوە دروســـت دەکات و شایستەی کراوەیی و ڕازاوەیی دەبێ، دەبێتە یەکێك لە کارە تازەکان کە ئێلەگ زیاتر ڕازاوەتر و گونجاوتر دەکات لەگەڵ شێوەی کراسە کوردییەکە.

## ـــۆیان هەیە لە مۆدەکاندا



**لوبنانی (ئیلی صەعەب) دەستنیشانکراوە، ئەویش بریتییە لە دوو جوانترین ئێکســـوار کە لە نمایشـــێکی تایبەتدا ئاماژەی پێکـــردووە، ئەویش جەنتایەکی دەســـت کە لە شـــێوەیەکی بچووك دروست کراوە بە بەرگێکی بە بریقەوە لەدەست خانمە نمایشـــکارێك دەردەکەوێ، کە جوانی ئەو جەنتایە لەگەڵ جوانی جلەکـــەوە ڕێکدەکەوێ، هەروەها سەبارەت بە ئێکسسواری دووەم کە بازنگێکی دەست و بە شێوەیەکی ئاڵۆز دروست کراوە.**

# هەورامان هەوارگەی دڵان



## سەیرترین تەماتە



**ئامادەکردنی: ڕەوەند بەختیار**

بۆ یەکەمجار لەسەر ئاستی کوردستان، جووتیارێکی کورد لەسنووری ناحیەی سەنگاو لەرێگەی خانووی پلاستیکییەوە، کێشی تەماتەی لەکێڵگەکەیدا گەیاند بە یەک کیلۆو ٢١٥ گرام.

جەمال جەلال ئەو جووتیارەی کەبەردەوام لە هەوڵی داهێنانی نوێدایە رایگەیاند: ئەو تۆوەی کە بەکاریهێناوە، بەهیچ شێوەیەک دەستکاری جیناتی نەکراوە و لەهیچ کارگەیەکی باوەڕپێکراوی جیهانیشەوە دەرنەچووە، بەڵکو تەنیا تۆوی تەماتەی خۆماڵییە بەسوود وەرگرتن لەو داهێنانەی کەخۆی کردوویەتی.

هەمان جووتیار توانیویەتیی لەسەر بنجی تەماتە و لەرێگەی لێکدانەوە، لەیەک کاتدا و لەهەمان رووبەری زەوی، بەرهەمی پەتاتەو تەماتە بەرهەم بهێنێت.


## جلوبەرگێک لە هەنگ!



ئەوانەی دەتوانن کاری سەیر ئەنجام بدەن، دەتوانن لە رێگەی کارەکانیانەوە خەڵك سەرسام بکەن لە نزیکەوە بە توانا و بەهرەکانیان ئاشنایان بکەن، لێرەدا کارەکانیان یان بە بەهرەیەکی سروشتی پێ گەیشتووە، یان لە رێگەی کارلەسەر کردنیان توانیویانە ئەو بەهرانە بە دەست بهێنن، ئەو پیاوەی دەیبینن دەتوانێ سەرتاپای جەستەی خۆی هەنگ داپۆشێ و بەبێ ئەوەی زیانێکیشی پێبگات، ئەمەش یەکێکە لەو جۆرە پێشبڕکێیانەی کە لە وڵاتی چین ئەنجام دەدرێ بەمەبەستی مانەوەی یان داپۆشینی گشت جەستە بە هەنگ بۆ ئەوەی بە یەکەم دەربچێ و خەڵات وەربگرێ، ئەو کوڕە گەنجەش ناوی (سیاینگ)ە و توانیویەتی هاوڕێیەتی هەزارەها هەنگ بکات و ئەوانیش دایپۆشن.



## کاسیش تەزویریـــ



هەندێك لە حاڵەتەکان وادەکەن کە دیمەنێکی سەیر تۆمار بکات و ئەمەش بە گوێرەی ئەو کات و شوێنە دەبێ کە رووداوەکەی لێ روودەدات، زۆر جار رووداوەکان بە جۆرێك روودەدات کە مایەی شەرمەزاری دەنێتەوە، ئەمەش لە کاتێکدا دەبێ کە کەرەستەیەك یان حاڵەتێکی ناشیاو دروست دەبێ، وەکو ئەو یاریزانەی کە بە یەکەم

هەورامـــان ئەو ناوچە جوان و دڵڕفێنەی کوردســـتانە، هـــەر لەگەڵ نـــاو هێنانی کۆمەڵێك وێنەی جوان لە مێشـــك دروست دەكات، ئەوەی شـــایەنی باسیشـــە شێوەی دروســـتكردنی خانووەكانیشـــی لە ســـەر دیزاینێكی ئەوتۆ دروســـت كـــراوە هەردەم هەورامان بە جوانی دەهێڵێتەوە بەشێوەیەك هەر یەكێك لە ســـەر ئەوەیتـــرە، هەورامان لەگەڵ خۆیدا وێنەی كۆكردنەوەی گوێزی خۆماڵی و دروســـتكرنی كڵاشی پەرۆین و جامانـــە و شـــاڵمان و ســـیاچەمانەمان دێنێتەوە یاد، هەورامان دەكەوێتە باكووری خۆرهەڵاتی کوردســـتان نزیك بە سنووری ئێران و کوردستان، هەروامان ئەو ناوچەیەی هەردەم شوێنی دیمەنی جوانی کوردەواری و پارێزگاری كەلەپووری کورد بووینە هەر لە بـــەر ئەم هەموو جوانییەی ئەم ناوچەیە ســـاڵانە ژمارەیەكـــی زۆر گەشـــتیاری خۆماڵی و بیانی ســـەردانی ئەو ناوچەیە دەكەن و لە گەڵ سیاچەمانەكەی هەورامان كات بەسەر دەبەن.

## چینییەكان چۆن تۆپێ پێ دەكەن

زۆربەمـــان فیلمـــی (شـــالۆیان ســـۆكۆرمان) بینیـــوە، كـــە باس لە كۆنگ فـــۆ دەكات كە لـــە بواری وەرزشـــدا بەكاردەهێنرێ، بە تایبەت لە یاری تۆپی، كە چەندین دیمەنی سەیر و ســـەمەرەی تێدایە و ناچێتە ئەقڵی مرۆڤـــەوە، كەچی وادیـــارە دوای ئەو فیلمە، چینییـــەكان دەیانەوێ هەمان شـــێوازی فیلمەكە بكەن بە راستی و كە كۆنگ فۆ و كاراتێ لە بوارەكانی دیكـــەدا بەكاربهێنن، ئـــەوەی دەیبینن دیمەنێكـــی مێردمنداڵێكـــە لە وڵاتی چین، كە لەسەر ســـەری وەستاوە و بە قاچـــی تۆپێكی گرتـــووە، ئیتر رەنگە لـــە داهاتوودا چینییـــەكان كۆنگ فۆ بەكاربهێنن و ببن بە باشترین یاریزانانی جیهان.



## بۆینباخەكەت بخۆ!



زۆر لە چێشـــت لێنەرەكانی دنیـــادا لێهاتوویان لـــەو كاتەدا دەردەكەوێـــت كـــە توانایەكی زۆریان هەبێت بۆ داهێنان، هەندێ جار ئەم داهێنانـــە دەردەكەوێت لە شـــێوەی ئەو خواردنانـــەی كە ئامادە دەكرێن، لەم دواییانەدا كۆمەڵێك داهێنان لە شێوەی ئامادەكردنی ساندویچێكدا كرا، بەڵام لە سەیرترینیان ئەم جۆرە ساندویچەیە كە لە شـــێوەی بۆینباخدایە و لە پەنیری كرافت دروســـتكراوە، بۆیـــە دادەنرێت بە سەیرترین شێوەی ساندویچ لە دنیادا!

## ـــش پەیدا بووە !



دەردەچـــێ و لـــە كاتـــی وەرگرتنـــی خەڵاتەكـــەی كـــە كاسێكی گەورەیە، وادیارە كاســـەكە بە باشـــی دروست نەكـــراوە و ئیتر لـــەو كاتەی بە شانازییەوە كاســـەكە بەرز دەكاتەوە، دەبێتە دوو پارچە و پارچەیەك بە سەری یاریزانەكە دەكەوێ و دەكەوێتە خوارەوە، ئەمەش دەبێتە سەیرترین دیمەكانی وەرگرتنی خەڵات.





ئا: فەرهاد محەمەد ئاژگەیی

## ئاسۆیی:

١- کچە گۆرانی بێژێکی لوبنانی یە خاوەن وێنەی (١).
٢- گیاندراێکە (پ) – جۆرە کەلوپەلێکی کارەبایی یە() بەدەم دەکرێت.
٣- دراوێکە- یانەیەکی ئیتالیە.
٤- ژمارە یەکە – دورگەیەکە لە ئیتالیا (پ).
٥- نیوەی عەلی – سۆر بە E (پ).
٦- سادە(ت) – پایتەختی وڵاتێکی ئەمریکیە.
٧- وڵاتێکی ئاسیایە- هەموو کات.
٨- رەگەزێکە (پ)- دوو پیتی رانیە- بزر.
٩- بەڵێ بە فەرەنسی – یاسا (پ)- شتومەك (پ).
١٠- یانەیەکی پوتوگالی یە- دوو پیتی سایە.
١١- راستگۆیی (پ)- گێژ.
١٢- بیابانێك لە مەغریب.

## ستوونی:

١- کچە گۆرانیبێژێکی فارسە خاوەن وێنەکە – شارێکە لە کەنەدا.
٢- سەرکردەیەکی مەغولی بوو(پ).
٣- بێ دەنگ – زیندەوەرێکە (پ).
٤- گەورەترین شاری ئەڵمانیایە.
٥- یاریگایەکە لە ئیتالیا.
٦- بیابانێکە لە ئەمەریکا- کامە (پ).
٧- کینیا (ت) – پایتەختی وڵاتێکی ئەفریقیە.
٨- جۆرە قوماشێکە.
٩- شارێکە لە تونس (پ) – لاواز.
١٠- دورین (ت).
١١- بە ئەمەك (پ) – شاعیرێکی کوردبوو.
١٢- ژمارە یەکە- بەرزترین چیا لە ئەفریقیا.



## نوکتە

- جارێك کورێك مۆز دەفرۆشیت هەر دەهاتەوە و دەیوت من ئەمڕۆ زەرەرم کردووە، رۆژیك باوکی وتی باشە کوڕم تۆ بۆ هەر زەرەر دەکەیت؟ کورەکەش وتی باوکە ئەوەی خواربێت فرێیدەدەم..

* * *

- کابرایەک ملیۆنێک دۆلاری بۆ دەرئەچێت. تەلەفون بۆ ژنەکەی ئەکات و پێی ئەڵێ: خەبەرێکی خۆش، یەک ملیۆن دۆلارم بۆ دەرچووە، لەبەر ئەوە بەپەلە جلەکانت کۆکەرەوە. ژنەکەش دڵی زۆر خۆش ئەبێت، لێی ئەپرسێ: پیاوەکە جلی زستانە یان هاوینە؟ پیاوەکەی ئەڵێ: هەموو هەمووی کۆکەرەوە، ئیتر نامەوێ نە خۆت و نە جلەکانیشت ببینم..

## وێنەیەکی کۆن و سەیر



ئەو وێنەیەی دەیبینن بریتییە لە وێنەیەکی کۆنی (ئوسامە بن لادین)ی سەرکردەی پێشووی رێکخراوی قاعیدە، کە لە تەمەنی (٢٩)ساڵیدا لەگەڵ راهێنەرەکەی لە بواری تایکۆاندۆ و کاراتی گرتوویەتی، کە بەم دواییە لەلایەن راهێنەرەکەیەوە بڵاوی کردۆتەوە و دەبێتە یەکێك لە وێنە سەیرەکان کە شێوەی لەخۆی ناچێ.

## مانای شتەکان لە خەون

**بووک و زاوا :** بینینی بوك و زاوا بە رازاوەیی خۆشی و شادی یە، ئەوەی ببینێ زاوایەو بووکەکەشی دیار نییە ناویشی نییە و ناسراویش نییە ئەو کەسە دەمرێ یان یەکێك دەکوژێ، ئەگەر بوکەکەشی بینی ئەوە بە پێی جوانی بوکەکەو مانای ناوی دەرگای رزقی لێ دەکرێتەوە .

**سەرچاوە: خەوننامە!**

## بۆ زاخاوی مێشک

* وەڵامی ژمارەی پێشوو وشەی (چیمەن) بوو

بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت، هەوڵبدە ئەنجامی ئەم شێوە شیکارە بدۆزیتەوە..

ئەم چوارگۆشانە بە پیت پڕ بکەرەوە کە لە کۆتاییدا ناوێکت بۆ دەردەچێت بتوانە لە ماوەی (٥) خولەکدا ناوەکە بدۆزیتەوە، ئەمەش وەك سوود وەرگرتن لەم ئاسانکاریانەی خوارەوە :

**ئاسانکاری**

- پیتی خانەکانی (١+٢) کۆ بکەیتەوە بە مانای (راناوێکی لکاوە بۆ بەردەوامی بەکاردێ)
- پیتی خانەکانی (٢+٣+٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (هەنار بە زمانی عەرەبی)
- پیتی خانەکانی (١+٢+٣+٤) کۆبکەیتەوە بە مانای (کاتێك ئاو دەکوڵێ چی لەسەر بڵند دەبێ)
- پیتی خانەکانی (٤+٥+٦) کۆ بکەیتەوە بە مانای (پیاوێك بە زمانی ئینگلیزی)

